# ڕوونكردنەوەی پایەكانی ئیمان

# ئیمان هێنان بەخوا

[ بە كوردی ]

## شرح أركان الإيمان ( الإيمان بالله تعالى )

[ باللغة الكوردية ]

ئامادەكردنی : عەبدوللە سابیر گەرمیانی
إعداد : عبد الله سابير كرمياني

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەی ڕەوەندەكان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2009 -1430**

islamhouse.com

# ڕوونكردنەوەی پایەكانی ئیمان

## ئیمان هێنان بەخوا

پێشـەكی:

لەئیسـلامدا ئیمان هێنان ئەوەیە، ئیمان بهێنی بەخوای گەورەو مەلائیكەتەكان و كتێبەئاسـمانیەكان و پێغەمبەران و رۆژی دوایی و قەزا و قەدەر بەخێری وشـەڕی. وەئیمان هێنان بەهەموو ئەو شـتانەی ئەم شـەش بنچینەیە دەیگرێتەوە، بەگشـتی باوەڕ كردنە بە خواو پێغەمبەرو هەموو ئەوز شـتانەی پێغەمبەر( صلی الله علیەوسـلم )هێناویەتی بەدەڵ و وەدەرپڕینی بەزمان و جێبەجێ كردنی بەكردەوە،وەئیمان هێنان بەم شـەش بنچینەیە كۆڵەكەن بۆ ئیمان هێنان بەلایەنەكانی تری ئاینی ئیسـلام وجێگیركەری ئیمانن لەدڵی هەموو ئیماندارێك بەڵگەش لەسـەر ئەمە.

خوای گەورەدەفەرموێت: { لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ } (البقرة: من الآية١٧٧ ). واتە: چاكەو ئیمان لەوەدا نی یەكەرووتان لەڕۆژهەڵات بكەن یان لەڕۆژ ئاوا لەنوێژدا، بەڵكو ئیمان ئەوەیەئیمان بهێنی بەخوداو بەڕۆژی دوایی و مەلائیكەتەكان و كتێبەئاسـمانیەكان وپێغەمبەران.

وەهەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : { إِنَّا كُلَّ شَـيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ } ( القمر /٤٩ )

واتە: هەموو شتێکمان بەئەندازەو قەدەر دروست کردووە.

هەروەها پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێ لەوەڵامدانەوەی جبريل ( عليه السلام) کەپرسیاری لێی دەکات دەربارەی ئیمان : دەفەرموێ : ( الإيمان أن تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسوله واليوم الأخر وتؤمن بالقدر خيره وشره ) .

واتە: ئیمان بهێنی بەخواو مەلائیکەتەکان و کتێبەکانی و پیغەمبەران و ڕۆژی دوایی وئیمان بهێنیێ بەقەزاو قەدەر بەخێرو شەڕی .

خوێنەری خۆشەویستم: لە پاش ئەم پێشەکیە پێم خۆشە بێینە سەر باسی یەکەم پایە لە پایەکانی باوەڕ ، ئەویش بریتیە لە باوەڕ هێنان بە خوای گەورە.

باوەڕ لەزمانی عەرەبیدا: زۆرێك لەخەڵك دەڵێین: بریتیەلەتەسدیق؛ بەڵام وانیە، بەڵکو بریتیە لە دانپێنانێك ببێتەمایەی قەبوڵ کردنی هەواڵەکان و ملکەچی کردنی بۆ ئەحکامەکان،

أـ ئیمان هێنان بەبوونی خودا:

ئەگەر نەفەرێك بڵێیت: بەڵگەچیەلەسەر بوونی خوا؟

دەڵێین: بەڵگەلەسەر بوونی خوا : عەقڵ و، حس و، شەرعە و، فیترەتە.

بەنسبەت عەقڵەوە: ئایەئەم دروستکراوانەکەهەن لەخۆیانەوەپەیدا بوونە؟ بێ گومان وەڵامەکەی دیارەبۆ ئەو کەسەی عەقڵی هەبێت!

خوای گەورەدەفەرموێت:{ أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ } (الطور:٣٥)

وەبەنسبەت حسەوە: مرۆڤ ئەپارێتەوەلەخوای گەورەو، دەڵێیت: یارب! وەداوای شتێك دەكات، پاشان وەڵام ئەدرێتەوەو شتەكەی بۆ جێ بەجێ دەكرێت، ئەمەبێ گومان بەڵگەیەكی حسیە، واتەهەستی پێ ئەكەییت.

وەبەنسبەت شەرعەوە: ئەوی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام هێناویانەلەبەرنامەو شەرع، كەوا هەموو شتێكی باشی تێیدایەكەببێتەمایەی بەختەوەری بۆ خەڵكی، بێ گومان ئەمەبەڵگەیەلەسەر ئەوەی خواێكی بەبەزەیی لێزان و حەكیم ئەو بەرنامەیەی ناردوە، وەبەتایبەت دابەزاندنی قورئانی پیرۆز ، كەبەڵگەیەكی گەورەیەلەسەر بونی خوای گەورە.

وەبەنسبەت فیترەتەوە: زۆرێك لەو خەڵكانەی كەلایان نەداوەلەفیترەتی خۆیان باوەڕیان هەیەبەخوای گەورە.

ب ـ ئیمان هێنان بەپەروەردگاریەتی خودا ( الربوبیه):

واتە: ئیمان بهێنین بەوەی كەخوای گەورەتەنها هەر خۆی پەروەردگار و بەخێوكار و دروست كازو خاوەن موڵكەو هەموو شتێكی بەدەستەو قانجاز و زیان و مردن و ژیان و رزق و رۆزی و باران و.....هتد. بەدەست خوای پەروەردگار ، بەگشتی باوەڕت وا بێت كەدروست كردن (الخلق)ومولك(الملك) وەفەرمان(الامر) لەدەست خوای گەورەیە،وەك دەفەرمووێ : { أَلا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ } (لأعراف: من الآیة٥٤).(الاعراف/٥٤)

ج ـ ئیمان هێنان بەخوایەتی پەروەردگار(الألوهیة ):

واتە: ئیمان هێنان بەوەی تەنها خوای پەروەردگار پەرستراوی راستەقینەیەو تەنها ئەو شایستەی پەرستنەبەهەموو جۆرەپەرستنەكانەوەوەلەغەیری ئەم نابێ پەرستن بۆ كەسی تر ئەنجام بەدرێت.

لەبچووکترین شتیشدا وەهەرکەسێکی تر خەیٚ بهێنێتەوە ڕیز خوایەتی خوا یان هێناویانەتەپیز خوداهەرهەموویان راستنین و بەتاڵن. وەك خوای گەورە دەفەرموێت { وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ } (البقرة:١٦٣) .

واتە: خودای ئێوە هەریەك خودایە، هیچ خودایەك نی یەبەحق جگەلە (رحمن الرحيم ) .

هەروەها دەفەرموێت { ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ الْبَاطِلُ } (لقمان: من الآية٣٠ ). واتە: ئەمەش لەبەرئەوەی (اللە) حەقەو وەئەوەی جگەلەو دەپرسێت بەتاڵە.

هەروەها دەفەرموێت :{ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ } (النحل: من الآية٣٦) .

واتە:بۆهەموو گەلێك پێغەمبەرێكمان ڕەوانەكردووەكەپێمان ڕابگەیەنیٚ،خودا بپەرستن.وەواز لەهەموو تاغوتێك بهێنن و دورکەونەوەلێی .

د. ئیمان هێنان بەناوو سیفەتەکانی خودا (الأسماء والصفات):

واتەئیمان هێنان بەناوەجوانەکانی خوداو بەسیفەتەبەرزەکانی وەسەلماندنی بۆ خوا، وەك چۆن خوای گەورەبۆ خۆی سەلماندووەلەقورئان ، وەپێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم) لەفەرموودەکانی بەبیٚ لادان لەڕاستی (التحريف)، وەبەبیٚ لەکارخستن(التعطيل)، وەبەبیٚ باس کردنی چۆنیەتی(التكييف) وەهاوشێوەکردنی (التمثيل)، خوای گەورەدەفەرموێت:{ وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُوا الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَائِهِ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ } (الأعراف/١٨٠).

واتە: خوای گەورەناوی جوان و تەواو و کاملی هەیە. هاواری بۆ ببەن بەم ناوانە.

وەواز لەو کەسانە بهێنەکەناوەکانی بەدرۆ دەخەنەوەیان تەحریفی دەکەن یان ئەیدەنەپاڵ غەیری خوا. ئەوانەبەگوێرەی ئەم کردەوانەیان پاداشت دەدرێنەوە. ئەمەبەشێوەیەکی گشتی مانای ئیمان هێنانەبەخودا.

بۆزیاتر تێگەیشتن و شارەزابوون بگەرێرەوە بۆ ئەو کتێبانەی باسی یەکخوا پەرستی خودا دەکەن(التوحيد) .

سەرچاوە:

١-شەرحی عەقیدەی واسطیە، شێخ موحەمەد صاڵح العثيمين ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لاپەڕە: ٤١ تا ٤٥ ، دار الثريا للنشر ١٤٢٦ کۆچی.

٢-ئیمان لەلای ئەهلی سونەو جەماعە، نوسینی:الیاس محمد کوردی، چاپی دووەم، لاپەڕە: ١٠ و ١١.